? Kurdistan Net
Signature Not Verified
Digitally signed by Kurdistan Net
DN: cn=Kurdistan Net, o=www.kurdistannet.org, c=NL
Date: 2002.07.09 22:14:54 +01'00'
www.kurdistannet.org
9-7-2002 23:11

# لەگەڵ (( سوهراب ))لە کۆڵانە بنبەستە کانی تەنها یی دا...

**جەمال عوسمان.... هەولێر**

**کۆڵانێکی چەند چۆڵ،**
**ئێوا رە یەکی چەند غەمگین،**
**پەرە سێلکا نێ چەند سەودا سەر..**
**سلاْوی ها وین،**
**لە گوڵەکانی هەنار،**
**لە هێشوە ناسکەکانی پەسیرە،**
**لە هەناسە ساردەکانی من و ئەو.**
**دەمویست پێی بڵێم : هاورێ..**
**تا پەی بە شیرینی هە نجیرێك ببەین،**
**دەبێ بیر لە بڕینی مەودای تاڵی بکەینەوە.**
**تا بەسێبەری چنارێ بگەین،**
**دەبێ چەند ین تاو هەتاو گازمان لێبگرێ.**
**تا لە کابوسی تەنهایی دە ربازببین،**
**دەبێ پەڕ بە پەڕی ئەلبومی وێنەکا نمان هەڵدەینەوە و**
**چاو ببڕینە سیمای**
**ئەوانەی بۆهەمیشە ڕۆیشتوون...**
**ئەوانەی هەرگیز ناگەڕێنەوە...**
**تا لە کۆڵانە چۆڵەکانا،**
**لە ئێوارە خەمگینەکانا،**
**لەگەڵ پەرەسێلکە سەودا سەرەکانا**
**سەر بنێینە دووی سێبەری خۆمان و**
**لەبەر خۆمانەوە بڵێین:**
**سوهراب* گیان، هەر تۆ نەبووی، بە تەنها، کە دەروونت تەنها بوو...**

---

*** ئاماژە یە بۆ دێرە شعرێکی شاعری ئێرانی (( سوهرابی سپێهری )).**